ئالین:

# بۆ من هەر چوار پارچەی کوردستان رۆژئاوایە



**ئالین لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کە ڕووی لە وڵاتی غەریبی کردووە و لەوێوە لە گۆرانی گوتن بەردەوام بووە، تا ئێستا چەندین بەرهەم و دەیان کلیپی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت، هیچ بەرهەمێکی نەبووە، سەبارەت بەو بابەتە و چەند بابەتێکی دیکەوە ئەم گفتوگۆیەمان کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

سەرەتا ئالین تیشکی خستە سەر نەبوونی بەرهەمی هونەری لە ماوەی ڕابردوودا و گوتی: بێدەنگی و دوورە پەرێزیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە من سەرقاڵی کار و ژیانی تایبەتی خۆم بووم، دووەمیشیان کاری دبلۆماسیم بە بێدەنگی ئەنجام دەدا، سێیەمیشیان لەبەر خۆ ئامادە کردن بوو، بۆ بەرهەمێکی نوێی هونەری، ئێستا کلیپێکم بە زمانی سریانی ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەو بەرهەمەی کە باسم کرد.

لەبارەی سروودە نیشتمانییەکان ئالین گوتی: «خەمی هەر چوار پارچەی کوردستان خەمی منە، هەر چوار پارچە بۆ من وەك ڕۆژئاوا وان و جیاوازییان نییە، خۆشی و ناخۆشی و دەرد و مەینەتییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان، بۆمن وەك یەکە، بەڵام لە ئێستادا ڕۆژئاوای کوردستان سەرچاوەی خەم و ناخۆشییە بۆ من، بۆیە ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ ڕۆژئاوا ئەنجاممداوە، وەك ئەوەی کە لە ڕێگای کلیپەکانمەوە وەك کلیپی (یەکێتیی برایەتی) کە تێیدا داوای یەکگرتن و برایەتی نێوان پێشمەرگە و شەڕڤانان دەکەم، هەروەها گۆرانییەکانی (بلبلێ دلشاد) و (ئەی فەلەك ژ بو تە دناڵم)، چونکە لەو کاتەدا ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕوویدا، هەمان شت بوو کە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕوویدا، وەك هێرشە دڕندەکانی تیرۆریستانی داعش لە ڕۆژئاوا و باشوور، بەتایبەتی لە شنگال.

لەڕووی دبلۆماسیشەوە چەندین جار داوام لە دەوڵەتی ئەڵمانیا کرد، کە پێویستە یارمەتیدەربن بۆ بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و پێویستە بە زووترین کات ئەو شوێنە ئازاد و ئارام بێت، لێرەوە داوا لە گشت هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەم کە یەکتریان خۆش بوێت و لە یەکتر نزیك بن و کاتی خۆیان بۆ برایەتی و یەکریزی تەرخان بکەن، چونکە چەند یەکگرتوو بن، ئەوەندە زیاتر ڕۆژئاوا ئازاد و ئارام دەبێت.

سەبارەت بە سەردانیکردنی ڕۆژئاوای کوردستان وتی: تا ئێستا سەردانی ڕۆژئاوای کوردستانم نەکردووە، ئەگەر بچمەوە هەستێکی بێ سنوورم دەبێت، بەجۆرێك ناتوانم باسی بکەم و ناتوانم وەسفی هەستی خۆم بکەم، چونکە یەکێکە لە خەونە لە مێژینەکانم، هەروەها بە ئاواتم بتوانم لە هەر چوار پارچە کۆنسێرت بکەم، چونکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەوادارم هەیە و ئەوانیش وەك کوردانی ڕۆژئاوا کەس و خۆشەویستی منن.

سەبارەت بە گرنگیدانی حکومەتی ئەڵمانیا بەکاری هونەری جوان گوتی: حکومەتی ئەڵمانیا گرنگی بە بواری هونەر و کولتوور دەدات، بەتایبەتی هونەری باش بەبێ جیاوازی زمانەکان، واتە تەنیا گرنگی بە گۆرانی ئەڵمانی نادات، بەڵکو ئەوانەی لە ئەڵمانیا دەژین ئەگەر بیانییش بن، حکومەت لە بواری هونەرییەوە پشتگیرییان دەکات و لە ڕێگای دامودەزگا تایبەتییەکانی حکومەتی ئەڵمانی و خودی

راوێژکاری ئەڵمانی ئەنگێلا مێرکل و سەرۆکی ئەڵمانیا (شتاین مایر) راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو کارە دەکەن، مەبەستیان لەم هاریکارییە پێش خستنی هونەرە لە ئەڵمانیا، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ هاندانی هونەرمەندان بۆ پێشکەش کردنی جوانترین بەرهەم.

سەبارەت بەو گۆرانیبێژە کوردانەی کە بە زمانی بیانی و ستایلی ئەمریکی و ئەوروپی بەرهەمی هونەری پێشکەش دەکەن، دەڵێ: وەك رای تایبەتی خۆم من پشتگیرییان دەکەم و بە کارێکی ئەرێنیی دەبینم و خراپ نییە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، چونکە لەو رێگایەشەوە دەتوانن خزمەت بە هونەر بکەن، لە هەمان کاتدا دەتوانن پرسی کورد لە رێگای گۆرانییەوە بەو وڵاتانە بگەیەنن و نزیك ببنەوە لە کولتووری وڵات و نەتەوەکانی دیکە.


لەبارەی هۆکاری گۆرانیگوتن بە زمانی بیانی ئالین گوتی: من جگە لە زمانی سریانی بە کلدانی و ئاشوورییش گۆرانیم گوتووە، چونکە کورد و ئەم نەتەوانە هەزاران ساڵە بە یەکەوە لە کوردستاندا دەژین و ئازار و مەینەتی و خۆشییەکانمان هاوبەش بووە، بۆیە یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوە بووە کە لە رێگای هونەرەوە گوزارشت لە برایەتیی نێوان کورد و ئەم نەتەوانە بکەم و، هیوادارم توانیبێتم لەو رووە سەرکەوتوو بم.

ئالین سەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکانی هونەرمەندان گوتی: بە رای من ئاساییە کە هونەرمەندێکی گەنج هەڵسێت گۆرانیی یەکێك لە هونەرمەندانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە و بیلێت، بەڵام بە مەرجێك حەقی ئەو گۆرانییە و هونەرمەندەکەش بدات، من ئەو قسەیە ناکەم لەبەر ئەوەی ئەم کارەم کردووە و پێشتر گۆرانیی هونەرمەندانی دیکەم وتوەتەوە، نەخێر، ئەگەر منیش خۆم هەست بکەم کە مافی گۆرانییەکە، یان هونەرمەندەکە نادەم، ئەو کات رێگا بەخۆم نادەم کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدەم و داوا لە جەماوەری خۆیشم دەکەم ئەگەر تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەو گۆرانیانەم شێواندووە کە دووبارەیان دەکەمەوە، تکایان لێدەکەم رێگام پێ مەدەن و بڵێن تۆ مافی ئەوەت نییە ئەم کارە بکەیت، چونکە گۆرانییە ئەسڵییەکەت شێواندووە.

لە کۆتاییدا ئالین دەڵێ: هیوادارم گشت هێزە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەك بخەن و یەکگرتوو بن، بەتایبەتی کوردانی رۆژئاوا، چونکە ئەوان بە کاتێکی هەستیار و ناسکدا تێپەڕ دەبن و باشترین چارەسەر بۆ گرفتەکانیان لە ئێستادا یەکگرتن و هاوکاریکردنی یەکترە، هیوای ئازادی و ئاوەدانی بۆ گشت پارچەکان دەخوازم، هەروەها بە پێویستی دەزانم پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی بەرێزان نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی بکەم، بەبۆنەی هەڵبژاردنیان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم، دڵنیاین کوردستان لە گشت بوارەکانی ژیاندا ئاوەدانی و پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت.



# خوێندنەوەیەک بۆ شانۆی (دووژمنی گەل )



ئەسوەد فایق / کەرکووک

**ئەم شانۆیە بەرهەمی تیپی شانۆی سالارە و دەرهێنانی هونەرمەند ئەرسەلان دەروێشە. ئەم شانۆیە ئەگەرجی دەقێکی بیانیە، بەڵام دەرهێنەر زۆر بە وریایی و لێزانانە هێناویێتی و ئاوێتەی ئازارەکان و گەندەڵییەکانی گەلی کوردی کردوە .**

***

دەرهێنەر لەوێ شەڕی ڕاستی و ناڕاستی دەکات، دوو برا یەکێکیان بۆ مانەوەی پێگە و دەسەڵاتی خۆی بۆ بەدەستهێنانی پارە و سامان، ئەگەر پارەکەش بە ڕێگای نادروست بێت، دژایەتیی براکەی خۆی دەکات و بەو پارەیەی کە هەیەتی بەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی خەڵکی هان دەدات، کە دژی برا دکتۆرەکەی بوەستن، ئەم دکتۆرە جگە لە خێزانەکەی و هاوڕێیەکی کەسی دی لەگەڵدا نییە، گەرجی سەرەتا کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس وا خۆیان پیشان ئەدەن کە لەگەڵیدان، بەڵام دواتر لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندیی خۆیان پشتی تێدەکەن، دکتۆر و هاوڕێکەی نان بڕاو و بەردەباران کران، بەڵام هەر هیوا و ئومێد کۆتایی پێ نەهات. دەرهێنەر بە شانۆکەی پێی گوتین مرۆڤەکان با براش بن، بەڵام مەرج نییە وەك یەك گەندەڵ و بۆگەن بن، مەرج نییە وەك یەك بیربکەنەوە، ئەو لەو نمایشەدا پێی گوتین ئەگەر وریا نەبین، ئەوا ئەو ئاوە بۆگەنەی تانکەرەکانی گەندەڵی ئێمەش توشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەکات، ئەو پێی گوتین مەرج نییە ڕاستییەکان و حەق بێژەکان زۆرینەبێت، بەڵام مەرجە گوێ لە ڕاستییەکان بگرین و پشتی حەق بگرین. دەرهێنەر بە ڕاشکاوی هاواری کرد، هەموومان لە نێو کەشتییەکداین، نابێت بهێڵین ئەو کەشتییە بەهۆی گەندەڵکارانەوە نغرۆ ببێت، دەبێت هەموومان هەوڵبدەین ئەم گرفت و خراپەکارییانە چارەسەربکەین.

بۆیە دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئەم شانۆییە زەنگێك بوو بۆ دەسەڵاتی کوردی، کە ژیان لێرە مەترسی لەسەرە، جا با بە زووترین کات چارەسەری بکەن .

دەستخۆشیم بۆ تەواوی ستافەکە و هونەرمەند مامۆستا ئەرسەلان دەروێش هەیەو بە هیوام سەرکەوتوو بن .

